www.kurdistannet.org
18-11-2005 16:22بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# تورکی کوڕی تورکم!! ... حەسەن سەید باقی

ئەمڕۆ لە باڵەخانەی شیراتونەوە هەواڵی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی بۆ ئیبۆ بڵاوبویەوە، لەکاتی پرسیار لێکردنی میدیاکان لەو گۆرانیبێژە ناوداره بەخەیاڵ کوردە، کە خەڵکانێك زۆر خۆشحاڵ بوون پێی، ئەمەش ئازادی هەموو تاکێکە حەزی لەدەنگی کام گۆرانیبێژە و سۆزی بۆ کێ هەیە! بەڵام ئیبۆ پروپاگندەی ئەوەی بۆ دەکرا بەرەچەڵەك کوردە، بە وەڵامی پرسیارێك کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن (زاگرۆس) ئاراستەی کرد، ووتی ؛من تورك کوڕی تورکم، دایکم کوردە، کوردی و عەرەبیش دەزانم؛ئەو ئازادە چی دەڵێت و سەر بەچ نەتەوەیەکە. بەڵام مەخابن بۆ میدیاو دەسەڵاتی کوردی کە دەیان گۆرانیبێژی چاك و دەنگ خۆشی کورد هەیە لەهەموو پارچەکانی تری کوردستان گرنگیان پێنادرێ ڕەسەنیەتی گۆرانی کوردی بەرەو لەناوچوون دەبەن. جەنابیان هاتووە سڵاوی سەرۆکی کەمالیست بگەیەنێتە هەولێر و دهۆك و سلێمانی. کێن ئەوانەی تامەزرۆی سڵاوی کەمالیستەکانن جگە لەخۆفرۆشان، کە هەر ئەمرۆ چەندین لاوی کوردیان خەڵتانی خوێن کردووە، دوێنێ بوو دێهاتەکانی کوردستانیان وێران دەکرد، سەرکردەی کوردەکانی باکوریان ڕاپێچی زیندان دەکرد. بەڵێ کورد بێگانە پەرستە، دەنا بۆ ئەو پروپاگندانەیان بۆ هاتنی زۆلە کوردێك دەکرد، یا دوو چاو بز لەهەموو شت دەچوون مرۆڤی ئاسایی نەبێت. وەك دوو سیخور دەنیشنەوە بەگۆنای ئەم پەیامنێرە تورکەوە بۆ کوردستان. ناچێت بۆ بەغداد لەبەر ئەوەی ئاسایشی تێدا نییە! بەڵێ ناتوانێت بڵێت کوردستان ئازادە، نایەوێت باس لە سیاسەت بکات، ڕازی نییە پرسیاری سیاسی ئاڕاستە بکرێت. چونکە ئەو زیرەکە، دەزانێت بەرئەنجام چییە!. پرسیارەکان لەکوێوە سەرچاوە دەگرن. گەلۆ هاتنی ئێوە سیاسەتە بۆ کوردستان. بۆ لەم ساتەوەختەدا دێن؟ دەبوو هەوڵی ئەوە بدرایە ئاڵای کوردستان لەبەردەم چاوی کامێراکاندا بەرز ڕاگیرایە، کە نەکرا هەوڵبدرێت لە کاتی کۆنسێرتەکەدا ئاڵا هەڵبکرێت تەنها بۆ ئەوەی دەریخات ئەو گۆرانی بۆ نەتەوەیەك دەڵێت تا هەنووکە مافی بوونی نییە لەووڵاتەکەیدا

ئەڵمانیا 15. 11. 2005